**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٦٧٦ لە ٢٠١٧/١/١٠**

**بەیانی ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠١٧**

**چەسپاندن و پەسەندکردنی حەرەمی گوندی مەمیدان**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆی ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٩ وە ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٣٥٠) لە ٢٠١٦/١٢/٢٢ ، بریارماندا بە:-**

- **چەسپاندن و پەسەندکردنی حەرەمی گوندی (مەمیدان) سەر بە ناحیەی شێروان مەزن بەڕووبەری(٦,٩,٥) دۆنم لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١) لە کەرتی /١٢ سەپێنداره وەك لە نەخشەی هاوپێچی نوسراوی سەرەوەی پارێزگای هەولێر هاتوو و بەپێ ی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .**
- **ئەم بەیانە کاری پێدەکرێت لە رۆژی بڵاو بوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).**

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٦٩٨ لە ٢٠١٧/١/١١**

**بەیانی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٧**

**فراوان کردن و گواستنەوەی گوندی کانی بەردینە**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٣٥٠) لە ٢٠١٦/١٢/٢٢ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:-**

- **بەفراوان کردنی حەرەمی گوندی(کانی بەردینە) و بەڕووبەری زەوی ژمارە (١/١٣٦ کەرتی ٣٨/بەردینە) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .**
- **ئەم بەیانە کاری پێدەکرێت لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).**

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**